## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٨٦) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٧) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. دەستەی وەبەرهێنان بە هاوکاریی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێداچوونەوەی پێویست بە پرۆسە و میکانیزمی سەرپەرشتی و چاودێریی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بکەنەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕەچاوکردنی پێوەر و کۆد و ستانداردەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە ڕووی پاراستنی سەلامەتی و ژیان و تەندروستیی هاووڵاتییان و ژینگە.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**